www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 2:14 9-7-2006

## چی نەماوە فەلەكەدین كاكەییش بكەنەبەعسی!! ... میران هەركی

لەو ماوەیەدا كە فەلەكەدین كاكەیی بۆتە وەزیری رۆشنبیری ناوی كەوتۆتە ناو ناوان و هێرشێكی بەر بڵاوی دەكرێتە سەر و دەیانەوی ناوی ئەو زاتە بەڕێزەش لە كەدار بكەن وەك ناوی زۆریان بە بی وىژدانی و بی ئەخلاقی زڕاندو شكاند.. چونكە ئەو پیاوە بە درێژایی ژیانی شەقی لە گەندەڵی و دزی و لە درۆزنی داوە، رابوردوو خەباتی دوورو درێژی ئەو پیاوە دیارەو سەرو ماڵ و مومتەلەكاتیشی لە بەر چاوانە.. بۆیە ئەو مشەخۆرانەی دەیانەوی درێژە بە گەندەڵی و دزی بدەن و بەرژەوەندیەكانیان لی دەدرێت، بە ئاشكرایی دژی فەلەكەدین كار دەكەن و هەوڵی ئەوەی بۆ دەدەن كە فەلەك لەو پۆستە نوێیەی پی ی سپێردراوە فەشەل بێنی و ئەوان بەو فەشەلە بزەی سمێڵیان بێت، ئەوان دەزانن فەلەكەدین چاوی لە كورسی نیەو نەخۆشە، بۆیە وا تەنگە تاوی دەكەن كە لە هەر لەحزەیكدا دەست لە كار كێشانەوەی خۆی رابگەیەنی و ئیدی ئەوان بگەڕێنەوە سەر تاسو حەمامی جاران، بەڵام ئەوەندەی من دركم پی كردبێت شەڕی ئەمجارەی فەلەكەدین لە گەڵ گەندەڵیە كە رەگو ریشەی لە ناو وەزارەتی رۆشنبیری دا داكوتاوە و پێویستی بە هەڵكێشانە، ئەم هەڵكێشانەش باجی دەوی،وەك ئەو باجەی كە ئەمڕۆ فەلەكەدین بەو تەمەنە ماندووەی خۆی دەیدا.. ئەو شەڕەی كە لە گەڵ گورگە هارە مشە خۆرەكانی سەر لاشەی وەزارەتی رۆشنبیری دەیكاو لە دەرەنجامیدا چرنۆ كی لی دەگیرێت، هەندی جار خوێن و هەندی جاریش فرمێسكی لی َ دەچۆڕێت!

چی نەماوە بەو زاتە پیرۆزە نەگوترێت،تەنها ئەوەندە نەبێت كە ناتوانن نازناوی بەعسیەتی بۆ هەڵبەستن، ئەگەریش ئەو پیاوە پیرۆزە نە ناسرابوایە ئێستا دەمێك بوو دەیان ناز ناوو ناوو ناتۆرەو درۆیان بۆ هەڵبەستبوو كە لە قوتووی هیچ عەتارێكا نەبێت وە ك بۆ زۆر كەسی بی غالو غەرەزیان دروست كرد... بۆیە هەمیشە ئەو ئایەتە پیرۆزەم لە مێشكیدا دەزرینگێتەوە كە دەفەرمووی (ان اكپرهم للحق كارهون...